# سمیناری کلتووری، یان ئابڕووبردنی کلتووری فیکر..؟؟؟

# ئاخاوتنێك لەمەڕ مەڵبەندی کلتووری کوردی لە دانهاخ

**محمەد سابیر کریم**

2007/1/17

هەرچەندە ئەو راستیە باشدەزانم کە نووسینی بابەتێکی ئەوها و بگرە دەیان و سەدانی بابەتی ئەوها، کەلەسەر گرنگترین ودینامیترین پرس و بابەت و کێشەی ئەو خەڵکەی کە کوردی پێدەڵێن و، بەخۆشم زۆرجاران ناچاردەبم بەزاراوەی(کۆمەڵگەیکوردی!!؟؟) ناوزەدی بکەم، هیچ سوود و کاریگەریەکی ئەوتۆ و وەهای نیە ونابێت، بەدەلیلی ئەوەی کە،هەم دەپێش ئەوەی بەندە دەستبداتە ئەم تەرز و میتۆدە لەکاری نووسین و لێتۆژینەوەی رەخنەی رادیکاڵ و جیدیانە، کەم نەبوون وکەمنین ئەوانەی کەتاڕادەیەك بەهەمان ئۆلگو و میتۆد دەنێو دونیای نوسین و لێتۆژینەوەی کوردی هاتوونە،هەمیش هەتائێستا ئەو پاشخانە کلتووریە ــ فیکری رەخنەیی ـــ، بەدرێژاریی تەمەنی تائێستای، جگەلەوەی کەتوانیویەتی ئیلیتێك لەخوێنەری جیدی خۆی چێبکاتن، ئیدی وەکیدی و لەسەرئاستی رەهەند و پانتاییە گشتیەکە ــ واتە خەڵکی کورد ــ، نەیتوانیوە هیچ کاریگەریەکی ئەوها دابنێت کەئەوخەڵکە بهێنێتەنێو بازنەی ئاگایی و هۆشیاریەکی ئەوهاوە، بەجۆرێك کەخاوەنی بزاوتێکی تێکۆشانگەرایی ئەوهابن لە میانی میکانیزم و شێوازە مەدەنیە هاوچەرخەکانەوە، کەئیتر هیچ کەس و بەرپرس و دەستەڵاتێك، خودی بێت ــ وەکئەوەی کەلە 1991ەوە، هەیە ـــ، یانوەکو بیانی و دەرەکی بێت،نەتوانن کەبەوشێوە مەرگەساتبار و تراژیدیابارە، سووکایەتی بە کەرامەتەجەوهەریەکانی بکەن و گەورەترین پێشێلکاری بەرامبەر بەمافەسەرەتاییەکانی بکەن. ئاخر دەبێت زیندووترین نموونە وبەڵگە سەبارەت بەوراستیانە، چی بێت زیاتر لەوەی کە(16) ساڵی تەواو گەورەترین پرۆسەی دزی و گەندەڵیت لەسەربێت و، بچووکترین مافی ژیان لە رووناکی و هۆیەکانی گەرمکردنەوە و فێنککردنەوە وکەرەستەپێویستەکانی هاتوچۆ و گوزاتنەوەی هاوچەرخانە(بەنزین و گاز) وهتد....،لێزەوتبکرێتن...!!؟؟؟.ئەوە ئیتر با ئاخاوتن لە شکستی تەواودیاری پرۆسە سیاسیەکەی ئەوخەڵکە کوردە نەکەین، کەبەهۆی کەسانێکی رابەری بزاوتە سیاسیەکەیەوە، لەهەڵکەوتنی باشترین دەرفەتی بەدەسستهێنانی ماف و خواستە سیاسیەکانی بزافەکەیدا، تەنها لەبیر و لەخەمی کورسی دەستەڵاتی ئەو دەوڵەتەدان کەبەدرێژایی هەبوونی گەورەترین ئامڕاز و میکانیزمی سەرکوت و داگیرکاری و لەنێوبردنی (ئەم) بووە...!!؟؟؟ .

ئەو ئاخاوتنەی سەرەوەم، تەنیٚ وەك پێشەکیەکی گشتی نوسیوە و خستۆتەبەردەم، دەگینا ئەوەی کەلەیرەدا، دەخوازم ئاخاوتنی لێوەبکەم ، زیاتر پرس وبابەتێکی کلتووری ــ فیکریە. دیارە لەلای (من) هەرگیز بۆباری کۆمەڵگەیەکی ئەوها و، بەتایبەتیش بۆئەوقۆناغەی کەئێستا و بۆماوەی دەهەونیوێکی تەواوە تیایدابەسەردەبات، ناکرێت و لۆژیکی نیە کە پرسە کلتووری و فیکریەکان لە پرس و بابەتە سیاسیەکان جودابکرێنەوە . ئەو بابەتەی جێباسمانە بەخۆی باشترین سەلمێنەر و دەرخەرێکی ئەوا راستیە تراژیدیاییەیە، کەچۆن لەم کۆمەڵگە بەربادەدا، هەم فیکر و هەم کلتووریش، پیرۆزی و پاکی و بێگەردی خۆیان لەدەستداوە...!!! . چونکە کاتێك کەئەو دوو رەوت و پێکهاتە سەرخانیە گرنگ و دینامیەی کۆمەڵگەیەك، زۆر بەئاسانی و بەتراژیدیاترین شێوەیەك، دەخرێنە نێودەستی کایەیەکی سیاسی نگرۆ بەدەریایەك لە گەندەڵی و شکست و بەربادی..، کایەیەکی سیاسی خنکاو لەدەریایەك لە نەفامی و کاڵفامی و خۆپەرستی و هەلپەرستی...، کایەیەکی سیاسی کە هەڵگری هەر بنەما و خەسڵەتێکی گەوهەری بێت، ئەوا هەڵگری بنەما وخەسڵەتی بیر وهزری سیاسی نیە و، بەڵکو بەتەواوی بەتاڵ و دابڕاوە لێیان.... .

دیارە بۆسەلماندنی ئەو ئاخاوتن و هزربەندیەی سەرەوەمڕا، بەڵگە و نموونەگەلێك واقیعی ئێستا و ماوەی دوای(1991) زۆر هەنە، کەهەندێکیان، بەتەواوەتی لێیان ئاگادارم و زانیاری دروستم لایە لەسەریان و،

زۆرێکیتریشیان یان زانیاری تەواوم لانیە، ڤەیانئەوەتە هەر ئاگادارنیم لێیان، لێ دڵنیام کە کەسانیتر هەن تەواو لێیان بەئاگان و زانیاری دروست و دۆکۆمێنتیشیان لەسەریان لەلاهەیە... .بەهەرحاڵ، باهەروەك کورد دەڵێت:(( مشتێك نموونەی خەرواریکە))، بەچەند نموونەیەك بەسبین و،ئەوەندەی بۆشمانکرا و بوارمان بۆرەخسا، زیاتر ئاخاوتن لەبەڵگەو نمونەکانیدی بکەین کەدێنەبەردەستمان.. .

سەیرکەن لەم سەردەمەی ئێستادا، ئەم سەردەمەی کە کلتوور و زانست و تەکنۆلۆژیا، لە جیهاندا هەنگاوی زۆر خێرا و گەورە دەنێت بۆپێشەوە، کوردیش وەکئەوەی کە باری سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتیو...، دەنێو کوردستاندا، ئەوەیە کەهەمووان دەیزانین و بەکورتی لەسەرەوەڕا ئاماژەیەکم ژبۆکردووە، کەچی لەوئەوروپا پێشکەوتوە و کانگای پەرەسەندنی ژیاریی و کلتوورەدا، دەزگایەك بەناوی( مەڵبەندی کلتوری کوردی لە دانهاخ)، دیارە لە وڵاتی{ هۆڵەندا}دا، هاتۆتە دامەزراندنەوە... . تائێرە هیچ ئاخاوتنێکم نیە، چونکە هەموو دامەزراندن و بەرهەڵداکردنی ئەوجۆرە سەنتەر و دەزگایانەمان، پێباشە و جێ دڵخۆشیە، بەتایبەتیش گەر لەدەرەوەی کوردستان بێت، چونکە هەموو دەزانین لەناوەوەی وڵات، هەبوونی ئەوجۆرە دەزگایانە، وەکئەوەی دەزگاودامەزراوەی سەربەخۆ و بێلایەن و ئەکادیمی بن، زۆر مەحاڵ و ئاستەنگە، لەبەرئەوەی لەباشترین حاڵەتدا، هەردەستی حیزبی دەستەلاتدار دەیانگاتێ و، پاکی و بێلایەنیان لەباردەباتن .. .

بەڵێ، بۆخەڵکێکی ناوەوەی وڵات و بەڵکو دەرەوەش، کاتێك ئاگاداردەبن بەهەبوونی دەزگایەکەوە بەنێوی {مەڵبەندی کلتووری لەدانهاخ} یان هاوشێوەکانی لەتەواوی وڵاتانی دەرەوەدا، ئەوا ئیتر یەکسەر ئەو باوەڕەیان لادروستدەبێت، کە ئەوە ئیتر دەزگایەکی بەواتای وشە بێلایەن و ئەکادیمی و کلتووریە..!!!. هەرچەندە (من) ئەو زانیاریەم نیە کەئەوجۆرە دەزگایانە، بەچەندساڵ جارێك چالاکی و کارێکی کلتووری دێننەبەرهەم وئەنجامدانەوە، وەلێ، لەوە تەواو دڵنیام، کەلەمانگی(2006/9)دا، ئەو مەڵبەندە کلتووریە(!!؟؟؟) ئاماژەبۆکراوە،هەستاوە بەسازدانی چەند سمینارێك بۆکوردانی ئەوروپا و بەتایبەتیش کوردانی {هۆڵەندا} ،لەسەر پرسی( زەبروزەنگ یان توندوتیژی لەکوردستان و عێراقی نوێ). دیارە لە نێو کەسانی بانگهێشتکراو بۆ بەشداریکردن بەپێشکەشکردنی بابەت سەبارەت بەو پرسە، لەناو وڵاتەوە،هەردوو{رووناکبیری ناسراو!!!} بەڕێزان( ئازاد بەرزنجی) و( موستەفا ئەحمەد ــ ناسراو بە وەستاعەلی)بەتەنیا بانگهێشتکراون .

ئەز لەیرەدا، هیچ زانیاریەك لەسەر باکگراوندی ژیانی سیاسی ئەو دووبەڕێزە و، واقیعی ئینتیمای سیاسیان لەدوای(1991)ەوە تائێستا، ئاخاوتن لێناکەم، چونکە ئەوە بەخۆی بەسە کە(مەڵبەندی ناوبراو) کێ بەڕێوەیدەبات و سەر بە کامە لایەنی سیاسی کوردیە؟؟؟ ،بەڵکو خودی بانگهێشتکردنی ئەودوو بەڕێزە، بە روونی وئاشکرا، ناسنامەی حیزبیانەی مەڵبەندی ناوبراو دەردەخاتن و هیچ مشتومڕێك هەڵناگرێت . هەربۆیەکە لەیرەدا، دێمەسەر دەرخستنی راستیەك، کە بەخۆی باشترین و زیندووترین بەڵگە و ئۆلگوی، ئەو راستیەیە کەلەسەرەتای ئەم نوسینەدا، سەبارەت بە وێرانی و بەربادی و مەرگەساتباری ئەوەی کەپێیدەوترێت( کلتووری کوردی)، ئاخاوتنێك زۆرکورتم لەسەرکردوە .کوردگەل، خەڵکینە، ئەی هەرکەسێك کەهێندەی گەردیلەیەك لە کلتوور و کلتووری فیکری نزیکن، سەیرکەن، {مەڵبەندی کلتووری کوردی لەدانهاخ}، لەبارێکی وەك ئێستادا و، بۆ بابەتێکی ئەوها گرنگی کلتووری ـ فیکری سیاسی، لە پانتاییەکی ئەم جیهانەدا، کە ئەوروپایە، بۆ چالاکیەکی کلتووری ئەوها، کێی بانگهێشتکردووە، لە ناوەوەی کوردستان !!؟؟، دوو کەس، کە خودی خۆیان، دوای ئەوەی گەیشتوونەتە(ئەوێ) و بەچەند شەوێك پێشئەنجامدانی ئەو چالاکیە، لەلای ئەو کەسانەی کەمیوانبوونە لایان، پرسیاری ئەوەیان کردووە و، راستەوخۆ گۆتوویانە ((باشە ئاخر ئەوان چ نازانن لەبارەی ئەو بابەتەوە کە مەڵبەندی ناوبراو بانگهێشتی کردوون تا (موحازەرەی) لەسەربدەن ...!!!؟؟؟)) . بە کوردی و کورتی، گۆتویانە ئێمە هیچ شتێکمان پێ نیە لەوبارەوە تا پێشکەشی ئامادەبوانی بکەین ..!!!؟؟ .

لەیرەدا، ئاخاوتن لەوەناکەم کەچۆن کەسانێك کەمیوانداری ( وەستاعەلی)یان، کردووە، دوای ئەوەی ناوبراو ئەوراستیەی خستونەتەبەردەم، هەستاون کۆمەڵێك زانیاری تایبەت بە پرسی(توندوتیژییان) بۆ وی هێناوە و

کۆمەڵێك ئامۆژگاری و ڕێنمایی پێویستیش(؟؟؟؟) کەچۆن لەکاتی موحازەرەکەیدا، ئەو زانیاریانە پێشکەشبکاتن و...!؟؟. لەیرەدا، ئەوەندە بەسە بڵێم کە ئامادەبوانێکی ڕووناکبیری ئەوچالاکیە، باش ئاگاداری ئەو بێتوانایی و کلۆڵیە تراژیدیابارەی ئەو دووبەڕێزە (ڕووناکبیرە!!!)بوونە .

ئێستا ئیتر ئەوە تەواو ڕوون و زانراوە، کە ئەوەی پێیدەڵێن کلتووری کوردی، لە چ بار وئاستێکی مەرگەساتبار و داڕماودایە ..و، نەبوونی هەڵوێست و کاردانەوەی کلتووری ــ حزبیانەش، بەرامبەر ئەوحاڵەت و ڕووداوە تراژیدیابارانەش، ئەوەندەی تر، گۆمی مەرگەسات وداڕماویەکەی قووڵتر وبۆگەنترکردووە .. . دواجار دەڵێم گەرئەوە حاڵ و باری ڕەوتی کلتووری کۆمەڵگەیەك بێت،لە پانتاییەکی زۆر پێشکەوتووی وەك ئەوروپادا، کەنەکهەر شکۆمەندی و پیرۆزی کلتوور و فیکر، ناپارێزێت و ڕێزلێناگرێت، بەڵکو بەئاشکرا لەمیانی کار وئاکتیڤگەلێك ئەوهاوە، ئابڕوی کلتوور و فیکری بردووە و، بەناخی بەربادی و مەرگەساتباریدا،دەیانبات و ڕۆیاندەچێنێت ...،ئیدی دەبێت لەناوەوەی وڵات و لەبازنەی ئەو تۆزوخۆڵەخەستەی پەتای دەستتێوەردانی حیزبیدا، باری ئەو بەناو کلتووریە، چۆنبێت..؟؟؟ .